نە: کار و سایکەلۆژی وسۆسیەلۆژی، زمان و نەریت و بەها و خۆشەویستی، ئاکار و هۆوشت، لە پرسیەکی مۆژویدا، کلتورەکان بەرهەمدەهێنن. لەنەو ئەم کلتوردایە، لەنەو دینامیەتی یاسا و دەزینەوەی ناوەوەی ئەم یەکانگیریدایە، لەنەو بەرز و نزمی و ئاگایی کۆمەڵایەتی نەوکاندایە کە دەتوانین، بەمانای وشە کلتورەکی پاک و ئینسانی و تەندروست و جوان و ئارامبەخش و چێژبەخش بئافرێنین.

دە: خوڵقاندنی کلتورەکی هاوبەشی ئینسانی، وزیەکی نەوخەیی

وپەتانسیالی ئاوەی هەبەت، کە شەرعیەت لە مافی خاوەندارەتی و بەتایبەت چاوسانەوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوە وەربگرەتەوە، داهێنانکی وەک تەلەسکۆبی جەمیس وەب دەخوازەت. پلاتفەرمی کلتوری هێندەی نەگرە، چارسەر نیە، چاو و ژیری ئاو منالییە کە هەشتا پیوەندیەکانی سەرمایەی تیا نەنگی نەداوەتەوە، یان بە مانایەک ئازادبوو و لەبەرهەمهێنانەوەی ئیستاتیکی خەیدا، تینی ئاو غەریزەیەی تیایە بە ژیان و فەربوون کە دەست بەرە بە ئاگر.

ژێرنوسەکان

١-کتێبی کاپیتال و ئایدیالەژی. تەماس بیکیتی، بەزمانی ئەلمانی،چاپی ٢٠١٩
٢-جەرج لەکاش، ماركسیزم، جوانیناسی، ئەنتەلەگی، ئامادەکردنی هەبەزاردەیەک لەلایەن رودیگەر دانمان و ئەکسیل هەنیت، چاپی (٢٠٢١)، بە زمانی ئەلمانی. جەرج لەکاش وتارێکی کورتی بەناوی (پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکاندا) بە گۆڤارێکی تایبەتی بەپەروەردە نوسیوە.
٣. www.wsws.org/de/articles/2005/12
ناوەستی ئەگوستی ٢٠٢٣

هەرەمی کوردستان بەرەو کوێ؟ یەکێتی چینایەتی دانیشتوانی عەراق، سیاسەتێکی پراگماتیکی و تاکتیکی نییە!.. جەمال کەشش

هەکەوتنی سەرەتای مانگی (٤)ی (هەولێرو بەغدا) لەسەر هادەستکردنەوەی دەسیەی نەوت بە حکومەتی عەراقی، پاش بڕیاری دادگای پاریس، ئەرگانە فەرمیەکانی (پارتی)، ملکەچیەکەی بە

سەرکەوتن و حەکیمی و ئایندەبینی سەرکەوە بۆ خەڵکی کوردستان فرەشتەوە.
بەسەر بادان و لێژەر لەوەوە هاوبەشێ بایکۆتکەرێ "بندیوارکە"، قوباد تاڵەبانی، وتی وا باشتر بوو بۆ خواهیشتی خەمان ئیمزاکەمان بکردایە، نەک وەک ئێستا ناچار بووینە.
ئەو لایەنانەی تەنانەت مەسرەفی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانشیان لە لایەن دەوڵەتانی کەنەپەرستانی ناوچەکەوە دابینەدکرێت (کە ئەمە تەنها بەسە بۆ هەڵوەشانەوەی حزبەکانیان)، بۆ هلهەڵەوە پێشوازییان لە هەنگاوەکە کرد و موژدەی گۆشکردن و بوژانەوەی ئابووریەیان بە خەڵکی کوردستان دەدا، بەڵام بەشێ لادیکاڵ بەناو چەپەکە ، "هاوبەشەکەی پرۆژەی ئیفراندەم" کە هەندەی نەما بوو ناوی "ئیفراندەمی کرێکاری" لێبنێن ، ئەم جارەیکەوتنیان "بۆبنبەستی دەوڵەتی کوردی" لە قەڵەمدا و لە داخی خیانەتی فرەشتنی "خەونە شاعیرانەکە "یان بە چەند ملیارد دۆلارێک، تەرجوێنی دەسەڵاتدارانی یەکێتی وپارتی یان کرد.
بەرهەم ساڵح (سەرکەی پێشووی کەماری فیدرالی عێراق)، پەدچێت ئەو دەرکی بە شلەقی وناکارایی حکومەتەکەی سودانیش کردبێت، پرۆژەیەکی هەندەک گشتی تری پێشنیار کرد (کەنفیدرالی بە کوردستان و گرێبەستێکی تری نێوان حکومەت و هاوڵاتی و گەڕینی سیستەمی حوکمانی لەپەرلەمانیەوە بۆ سەرکایەتی) دیارە، هەمومان دەزانین دەستورو گرێبەستە کەمایەتیەکان سازانی فەرمی هەزە چینایەتەکانن. دەستپێشخەریەکە لە بەدەنگیەکی کوشندەدا خنکا.
هەندەک کەسایەتی و دەزگای ڕاگەیاندن وناوەندی لێکەینەوەی لەکاڵی، داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتی هەرەمیان کردو چەند سینارێۆیەکیان بۆ ڕاپەاندنی دەخی ئاوارتە خستە ڕوو، هەڵبژاردنی ڕاستەو خۆ وپێکهێنانی حکومەتی کاتی..
ژمارەی هەژاری لەسەروی (٣٥٪)، بێکاری لە سەروی (١٥٪) و لە نێوان لاوانیشدا لەسەروی سەدا (٢٠٪)ەوەیە. کەرتی تەندروستی و پەروەردە ، بەرهەمهێنان و پیشەسازی و کشتوکاڵ، کارەبا و تەکنەلۆژیا،سیستەمی بانکی وپارەو پرسەی ئاوگەی دراو، تێکڕا و بڕێک و پێن لە گەندەڵی وهەدەردان ودزی و سپیکردنەوە. عێراق ، یەکێک لە زەرترین ژمارەی زیندانیانی تاوان و حوکمدراوانی بە سزای ئیعدام هەیە. یەکێک لە هەرە گەندەڵترین دەوڵەتکانە و ناشەفافترینانە، هەزە میلیشیایی- سێکتە ئایدیەلۆژیە ئاینیەکانی لایەنگری کەسایەتیکاریزمایەکان ، بەشێکی دامەزراوەکانی دەوڵەت و بازاڕ و جوگرافیایان لە کەنترۆڵدایە .
ڕاپەینی ئۆکتۆبەر ساڵی (٢٠١٩)ی پایتەخت و شارکانی خواروی

عێراق، بە ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بەکوشتنی هەزار کەس و بریندارکردنی (٢٠) هەزار و ڕفاندن و زیندانی سەدان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بە لادابردنی ئامانجی واقعی ئاپۆیەکە و گۆڕینی بە ئاراستەی هەڵبژاردن و ئاکۆشانی هەڵپەرستانی نەو ئاپۆیوان بە نەو پرسەی پەرلەمانی، پاشکۆیەکی بەسەردا سەپێنراوە.

ئەو حزب و هێزە سیاسیانەی کە لە شارەکانی موسڵ و تکریت و ئەنبار و دیوانیە ..پێکهێنەرو گوایە نوێنەری ئەو ناوچانەن لە حکومەتی عێراقدا، هەمان پێکهاتەی دەستەی فەرمانڕەوای دەسەڵاتی عێراقن، بەرپرسیارن لە شێوەماوەرانی چ لە ناوچەکانی خۆیان وچ لەسەرانسەری عێراق. خێڵەکی ناڕازایی ئەو ناوچانەش بەهەمان ئادەڵە چینی باڵادەست و کۆنەپەرستی حەڵبوسیەکان و عەزمیەکان و حزبی ئیسلامیەکان و عەڵلاویەکان تووڕەن و ئامانجیان لە نیوبردنی ئەم سیستەمە سیاسییەیە.

شێوەئاشتی، ڕێککەوتن وگرژیەکانی نەو حزب وقەوارە سیاسیەکانی ئەستای دەسەڵاتدارانی عێراق، چ لەگەڵ حکومەتی هەرێم، چ لە کەرکوک، نەینەوا، بەغدا، پێوەندییان بە ژیان و مافەکانی خەڵکەوە نییە. ئەوان لەسەر ئەو شوناسە ئاینی و نەتەوەیی و تایفی و کۆمایەتییە بیروباوەڕوهەزانە جوداخوازی وهەژمونگەری چینایەتی لە نەو ئەو گروپانەدا بەدەستدەنن تا مەرکەکی ڕەوایی بە نوێنەرایەتی خەڵکیان بدەن وەک حزبی ئەو تاقمانە سیاسەت بکەن. ئەمە تەنها کێشەی ئەو ناوچانە نیە کە هەمە ڕەنگن وسروشتی مەژووی دانشتوانەکەین، بەبەتەکە ئەوەیە تەواوی خەڵکی عێراق لە ڕەگەزی میدیاوە ئادەکشرێنە نەو " کێشە" دروستکراوەکانی دەستی خیانەوە.

لە بارەی مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە، بەو بیارانەی دادگای فیدراڵی عێراق و پاریس، خەڵکی کوردستان هیچ زیانێک ناکات، هیچ لەدەست نادات. بەڵام دەرگا بەڕووی دەسیەی زەر گرنگدا واڵا دەکات.

چارەنوسی قەوارەی هەرێم، لەتوند پێچکی مەژووییدایە، حکومەتی هاوبەش نەماوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت هەر هەمان حکومەتی ئێستا بەرهەم بهێنێتەوە. دەبێت دوو ئیدارەیی بەئاکامێک بگات.

پتر لەشش هەفتەیە بەی نەوت گیراوەتەوەو کەشتیکانی کەناری جیهان ئەوانەی نەوتی کوردستانیان بەبازاڕ دەگەیاند، بەبەتاڵی گەڕانەوە. وا لێکدەرێتەوە کە ئاگرتنی نەوت، لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بکرێتە قەرەبووی مەرجەکانی ئۆپیک بە کەمکردنەوەی بەرهەم بە پارێزگاری نرخی نەوت.

ئەگەرلە پرسەی شکێگرتن وپیکهێنانی حکومەتەکەی سودانی وردبینەوە،

یەکێتی چینایەتیەکی نوێ بەرژوازی پێکهاتەکانی دانشتوانی عێراق بە هێزمووندی دەوڵەت بەسەر عێراقدا دەبینینەوە.
پێشینەیەکی مێژوویی لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بە ماف سەرکەتایی وئازادیە کۆمەڵایەتیەکان کەلە کوردستان کە وەک نەریتی ژیانی هێزانەی لێهاتووە (مافکانی ژنان وئازادی و مافکانی تاک لە پێوەندی بەئاین وئیلحادو خواردنەوو پێشاک …) ئەبێت وەک هاوڵاتیانی ناوچەکانی تری عێراق چاولێبکرێت و بەهیچ جۆرێک نابێت وەک تانەی یاسای ئەحوالی شەخسی ، بچێتە گرفانی ئیسلامیەکانەوە.
هاپەینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بەدەنییایی وە لەمودوا هەر بە بەغدا وناسریەو بەسرەوە قەتیس نابێت و دەپەتەوە موسڵ و دیوانیەو هەولێرو سلێمانیش. ئەم یەکێتیە یە چینایەتیەی کرێکاران وزەحمەتکێشانی عێراق و بەرژەوەندی هاوبەشی تەواوی خەڵکی عێراق لە بەرامبەر دوژمنە هاوبەشکانیان ئاکتێکی تاکتیکی و پراگماتیکی نیە.
ئەمش لەگڕەوی بەهێزبوونی هێوتی کەمانستی دایە لە نێو ناهێزایەتیە بەردەوام وهاپەینەکانی خەلکی عێراقدا.

جەمال کەشش کەتایی ئەبریلی ٢٠٢٣

چی تازە لە نێوان (یەکێتی) و (پارتی) هەیە؟ ئاسۆی بزوتنەوەیەکی هادیکاڵی تر.. جەمال کەشش

هەرەمەک هەیە و کۆمەڵە حزبی کوردایەتی – ئیسلامی، و ئیسلامی – کوردایەتی، و لیبراڵ – ئیسلامی – کوردایەتی هەیە و پێکەوە حکومەتیان دامەزراندووە.
ماوەی (٣١) ساڵە دانیشتوانەکەی، لەنێو شەڕ و تیرەر و قەرخکاری نێو ئەم هێزەمە بەبارمتە گیراون. ئەم حزبانە باڵیان لەدەبێتەوە و

یەکدەگرنەوە و نوێ دروستدەکەن و هەڵبژاردن دەکەن و هیچ دڕیچەیەکی باشتربوون ناکەنەوە و لە بازنەیەکی نائومێدی ئەبەدیدا خولکیان بۆگیر هەناوە.
تەهەچون و شڵە لەسەر بودجە، لەسەر سەرەک کۆمار و جێگرەکانیان، سەرەکایەتیەکان، سەرەکی پەرلەمان و لیژنەکانیان، بڕیارەکایەتیەکان، قائمقام و شارەوانیەکان،.. شڵە قڕچە لە هەمبازێنی مەیدانەکەدا، خودی پرسەکە بەم شێوەیە بڕیارە دەبرێت.
لە هەندە جێگا پێویستی بە بایکۆتە، لە هەندە شوێن تیرۆر، لە هەندە کات، نەوەندگیری و دانیشتن و زنجیرە کۆبوونەوە، لە دوورمەوداشدا بلۆکبەندی دژەتان و لە هەندە دۆران داگیرکردنی ناڕەزایەتی خەڵک بە بەرژەوەندی خۆت و بۆکارهێنانی بە ئامانجی حزبی و پێگەت لە پێکهاتەی دەسەڵات.
بونیادی ئابوری ئێمە ژێرەبجۆرێک تەکنۆ بە دەسەڵاتی سیاسی و میکانیزمە نوخبەیەکانی بووە، ئاوگۆ لە پێکهاتەی سەرخانی سیاسیدا، یەکسەر و ناچاری سەر بە شڵەش بەسەر ئێم بونیادەدا دەکەشێت.
(یەکێتی) لەنێو خۆی چ باڵ و کوتلەیەکی هەیە، ئیسلامی تونددڕەو میانڕەوی هەیە، دوو باڵەکەی نێو (پارتی) چەند ئاوگۆ لەنێو پێستە حزبی و حکومیەکان دەکەن، ئەمانە کاریگەرییان لەنێو جوگرافیای هەزی خۆیاندایە. ئەوان شڵە و ئاشتی بە خۆیان دەکەن.
ژیان و ماف و شکۆ و گوزەرانی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی ئێم زنانەوەن، یانکو، هەروا بەمئنن باشترە، لە سەردەمی حکومەتی هاوبەشی (مەسرور و قوباد)دا پاشکەوت فڕێزکرا.
یەکبوونی ماڵی کوردی، یەکبوونی ماڵە بازرگانە سیاسیەکان و سەرمایەدارە ناکۆکەکانە. ئاپرسیەکانی نێو خەڵک، نەفرەت و توڕەیی هەموو چین و توێژەکان لە دەسەڵاتی خەماڵی کورد نیشان دەدات. سەدا (٥١) خەڵک گومانەویان بە بۆغدا و هاوشانەوەی قەوارەی هەرێمیان پێباشترە. (سایتی درەو-ئاپارتی شیکاری).
ئایا لێم بچوون و ڕەد کردنەویە ڕوونتر هەیە کە خەڵک بە دەسەڵاتدارانی بگەیەنێت؟ ئێم ئاپرسیە وەک هەندەک لە دێزگاکان بە شکهێنەر باویان کردوە و ئاماژەن بە ئەزمەیەکی کەمایەتی قووە.
لەبڕامبەر بەرزبونەوەی نرخی دۆلار و هەئاوسان و گرانی، (حکومەتی هەرێم)، بە ڕیکلام و خەبادانیش، یەک قسەی لە زار نەهاتە دەر، وەک ئەوە کە هیچ پەیوندییەکی بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە نەبێت، بەڵام لەبڕامبەر بینی (٢٠٠) ملیارەکە، هەموو هاتنە خۆت و هەڵشەی بۆ ناوەڕۆک و هیستریکی میدیایان بەڕێخست.

شتێکی تازە ئەگەر هەبێت لەو نەوەدا، خەریکە (زەنی سەوز) خەی هاوتا بە (زەنی زەرد) لە گرتن و ەاونان و سەرکوت و زیندانیدا دەکات. گردبونەوە و خۆپیشاندانەکان قەهراوی سەرکوت دەکات. هەرچەند ئەوە زەر تازە نییە و ماوەی چەند ساڵێکە ئەم پرسەیە دەستپێکردووە، بەڵام لەوتەی (یەکێتی) یەکدەستتر بووە، ئەم دەزگایەش سەرکوتگەرتر بووە. تازە تر لەوانە نزیکبونەوەی تەواوی حزبەکان و بزووتنەوەکان لە پێکداچوون و تەهەکەشی نەتەوەگەری و ئیسلامگەری و هاوستراتیژیی ئابووری و سیاسیان.
خێکی (پێنجوێن) سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، دەربەندیخان لە مانگرتنی گشتیدان. سەرتای بزووتنەوەیەکی تری جەماوەری بە پێداویستیە بنچینییەکان بەدەر لە ئاجیندای حزبەکانی نەومان هێنان، بەڵێوەیە. ئەم نەڵزایەتییانە دەریچەیەک بە ەزگاری و ئاسەی ئاوگەریان هەڵگرتووە.

سەرتای ٢/٢٠٢٣

ئایا هیچ لایەنێک لە دواەژی نەوەی دوای هەزارکان خەی بە بەرپرس دەزانێت؟.. جەمال کەشش

کەانە تەسک و خانووە تەواونەکراوەکانی گەرەکە هەژارنشینەکانی شارەکان، کچ و کوڕە تازە پێگەیشتووەکانی نەو خانووە (١٢٠) مەتری و (١٥٠) مەتریەکان. نەوەیەک کە هەموو ماڵێک (٣) تا (٤) کوڕ و کچی یان زانکۆیان تەواوکردووە، یان لە پەلی پێنج و سەشی ئامادەییدا وازییان هێناوە و ەژونەتە نەو بازاڕیکی شەواو وپڕ گومان ، تا نیوەی شەو بە ەڵزانیەکی زەر کەم کار دەکەن وشەوەکەشی بەدیار چامپیزلینگەکانەوە وەنەوز دەدەن.
ئەم نەوەیە، تەماشای برا و خوشکە گەورەکانی دەکات، لە ماڵەوەن و دەرفەتی بەختەوەریان لە دەستداوە. خەیانیش کاتێکی کەمی ەزگاربوونی لەدەست ماوە. لایەنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جددی نیە متمانەی پێبدات و فەنتازیا و خەون و ئامانجەکانی بە فەرمەش و

ئاراستە بکات و ئاپۆین بۆرپا بکات، کە هەموو زەمینەکانی وەک ئیران و عێراق ئامادەن.
سەرکەشی دەکات:

- قەرز دەکات و دەچێتە نێو بازاڕی مامەڵەوە و لاوەتی خۆی بزر دەکات و خەونەکانی لە گۆڕ دانێت و بۆیانی تا ئێوارە هاوار دەکات وخۆریکی کارت فرۆشی و بازاڕی لەنگەو کاری سەرپێ دەکات… دەکەوێتە ژێر قەرزەوە..
- سەرخۆی هەڵدەگرێت و بەرەو ئەوروپا، مان و نەمانی پێوە گرێدەدا.

لە هەموو ماڵێکدا، باوک، دایک، خوشک و برا، داپیرەو باپیرە، گیرۆدەی سەرگەردانی و بزربوونی ئەم نەوەیەن.کەشێکی یەکجار گەورەی خەزانی و کەمەڵایەتی و ئابووری و کلتووریە. ئەگەر هەر باوکێک تەنها چەند چرکەیەک تەماشای فەیس بووکی کوڕەکەی بکات، ئیدی تاقەتی چوونە سەر کاری نامێنێ (هیچ شتێک لەم ژیانە نیە، پێکەنینم پێببەخشێ)، (مەرگم بۆچاوی خەم دی کە دیپەرتکرامەوە، بەڵام ئەمجارە بشمرم هەر دەمەوە). چۆن پەروەردەیان بکات. چۆن هانی خوێندنەوە و سەرکەوتوویان لە قوتابخانە و زانکۆ بدات. چۆن کێشکەی کەمەڵایەتی هاوسەنگ پێدا بکات بۆ هەڵدان و گێشکردنیان. لەدایکەکان بگەڕێن، کە نازانێت لە حەزەتتان چ بکات؟
هەشتا ساڵ نەسواوەتەوە، کە ئازار و مەرگ و نائەی مناڵانی پەنابەرانی عێراقی لە بەلاوسیا، وێنەی دەستە وردەکانی ژێر تەلە دەکاویەکان، هەقبوونەوە لەسەرما و خواردنی ورچی کۆی بووە گەرمترین هەواڵەکان.
لەبەرامبەر ئەم تەزیدیایدا سەرکی حوکومەتی هەرێم (مەسرور بارزانی)، بە هێژنامە ئەمانیەکانی وەک (فاز) و (ئەلگمایینە فرانکفەرت) دەڵێت ئەوان فریوخواردووی نێو باندە قاچاخچیەکانن. لە واقعدا کێچ و هێوی بە کەمەڵی لاوانی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات و بەهرەبەرداری قاچاخچیەکان لێیان و دژواری و مەرگساتێک کە هووبووی دەبنەوە هەمووی لەئاکامی سیاساتەکانی دەسەڵاتداریەتی حکومەتی هەرێمە.
نەک هەر ئۆباما دوای ئەم هەموو کارەساتە حکومەتی هەرێم هیچ بەرپرسیارێتیەک لەخۆی نیشان نادات و هیچ پلانێک بۆ چارەسەری ناخاتە دەستوری کاریەوە، بەڵاستی سەیرە کەمتر

حکومەتێک لە جیهانی سەرمایەداری ئەمڕۆدا دەبینیت کە وا بە خەم و بە دڕبڕست بێت بەرامبەر هاوڵاتیانی! بەیە لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەی هەرەمەدا، تەاژیدیای کێچ و ڕەوی بەکەمەڵی لاوان کاروانێکە کۆتایی نایەت.
حزبەکانی دەسەڵاتدار و حکومەت و دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەکانی کوردستان بە هەقێت، شایانی تووڕەیی، هەڵشاخانی لاوانی کوردستانن، لەبەرئەوەی بە سیاسەت و پلانە ئابووریی و ئیدارییەکانیان، ڕێگرن لەدابننکردنی لانی کەمی ژیانی ئەمنی لاوانی کوردستان.
جیاوازی چینایەتی کەمەگای شارە گەورەکانی کوردستان، زۆر ڕۆشن و بەرچاو لە سەرتاپای ژیاندا، لەوپەڕی توندوتیژیدا خۆی دەنوێنێ. ئەوەتا لاوانی کچ و کوڕی کوردستان، ئەوانەی خوێندنیان تەواو کردووە زوربەیان بێکارن، وە بەشکی بەرچاویشیان بەناوی ئەزموون وەرگرتنەوە بەناچاری بە خەڵایی کاردەکەن لەژێر ناونیشانی کاری خەبەشدا، هەم لە ناوەندەکانی کار بە خاوەنکار و سەرمایەداران، وەهەم لە فەرمانگەکانی دەوڵەتیدا، بەو هیوایەی کە لە ئایندەیەکی نادیاردا دابمەزرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی ملیۆنەرەکان تادێت لە زیادبوونداین. ئەم ناکۆکییە چینایەتییە کە لە کیشەی لاواندا یەکجار بەرجەستەیە، کە پێویستە دەبن بەریزی کرێکارانەوە ، دەچنە نێو پرسەی دەرگیری خەبات و کەشمەکەشە کەمەڵایەتیەکانەوە، کەشدەکرێن بەرەو ئاسایەکی مەزن. ئالتەرناتیڤیش هەر ئەمەیە. لاوان لەناو بزووتنەوەی چینایەتی خۆیاندا وەک ووزەیەکی نوێ وخاوێن ئایدیای نوێ و چاونەترس و دەستپێشکەر، هەوەدەن چارەنوسی خۆیان، خۆیان دیاریبکەن.

ڤایرەسی چیمریکای-۲۲، پەتایەکی

نوێ لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا.. جەمال کەشش

بە هۆستەی "خۆشهاتن بە شاری ئاشتی"، سەرکەی دەوڵەتی سویسرا -گی پارملین- لە لوتکەی جنیف نەوان (جۆ بایدن – فلادمیر پۆتین) لە (١٦-٦-٢٠٢١) پێشوازیکردن. لە واقعدا شاری نەونەتەوەیی دەگیری جنیف، هیچ کات هەندەی ئەو ڕۆژانە جبەخانەی سەربازی و تەلبەند و کەپتەری بەردەوام و دەموچاوی نەناسراو و داخستنی نیوەی شاری بە خۆیەوە نەبینیوە. کەشتیە ئاسمانیەکەی بایدن، کە تەنها دوو دانەی لەدروستکراوە، بە پێشکەوتوترین تەکنەلۆژیا و سیستەمی موشەک و بەرگری ئۆتۆماتیکی و ژووری کۆنترۆڵی هەموو دەزگا سەربازییەکانی ئەمەریکای لە ژێر کۆنتڕۆڵدایە. سالۆنی کۆنفرانس و کۆنگرەی داخراو و کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری و هۆتیل و میوانخانە و ژووری نشتەگەری تیایە، وە هۆگری فۆکەیەکی بچوکتری نەوخێییە کە بە ماوەی (٧٢) کاتژمێر بەبێ هیچ پیداویستیەک دەتوانێت لە ئاسمان بمێنیتەوە. (جۆ بایدن) ڕۆژی پێشووتر و (پوتین) هەمان ڕۆژ بە ئیزکی پتر لە دەرزەنەک لیموزینەکانیەوە کە تەواوی ئەو شەقامانەی ماوەیەک بوو داخرابون و لە ژێر چاودێریدا بوون، گەیشت. ئەم هەڵنواندنە، ئەم مانۆڕە لەلایەن (١٢٥٠) ژونالیستەوە بە (٤٤) ولاتی جیهان دەگوازرایەوە. بۆیە، ئەوکی جیهانیە؟ ئەم هەموو بارگرژیی و ئاڵۆزیە لەم شاری ئاشتیە بۆ؟ جنیف بە تەنها شاری ئاشتی و دانوستان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیەکگرتوەکان و ناوەندە بازرگانیەکان نیە. جنیف دیوکی قوە و شاراوەشی هەیە. "هەڵانی سیخوڕە جیهانیەکانیش".

ڤلادمیر پۆتین، بە چرکەش دوانکەوت (کە بۆزی وەها نیە لەگەڵ ڕێقیبەکانیدا)، تەوقە یەکی ساردییان لەگەڵ یەکدی کرد، بەمەش ئاماژەی کۆتایی کێشەنای دەگەیاند. هەروەک پێشتریش لەسەر ئەنجامنەدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری هاوبەش ڕێککەوتبون. هیچ داوەت و میوانداریەکی نانخواردنیش بەیەوە نەچوو. دوو سەرکی گەورەی جیهانی لە سالۆنکی (١٥) هەزار کتێبیدا کۆبونەتەوە، بێ ئەوەی جیهان ئابکەشنە نەو پێتایکی قورسی سیاسیەوە کە هیچی لە دروستکردنی لابەری قایرەسکی کوشندە مرۆقایەتی کەمتر نیە.

ئەمەریکا – ئەوروپا – ناتۆ – روسیا

بایدن دەست پێشخەری لوتکەکەی لەگەڵ پۆتین کردبوو، بە میدیاکانیش هەندە ئاگەیانرا:- هیڵی سور بە هەرشی ئەلکترۆنی و هاک و هیرشی

سیبری، کێشەی ئۆکرانیا، پشتیوانی موخابەراتی و سەربازی بۆ سەرکوتی ئۆپۆزسیۆنی بیلاڕوسیا و سەرکوت و پاکتاوی ئۆپۆزسیۆنی نوخبەیی ئاکشاوە. هەر چۆن بێت لانی کەم لەسەر دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە دبلۆماسیەکانیان و گۆڕانەوەی دبلۆماتکاران ڕێککەوتن. ئاوڕکاری پێتین بۆ سوریا لە نێو تیمی سەرۆکی گفتوگۆکاندا بوو، لەو بارەوەش بەدڵنیایی گیرەگیرم بووە .هەڕەشانەکە بۆ شوێن خۆی، ئەمریکا پشتیوستی بۆ پاسیفکردنی روسیا لە پشتیوانی چین هەیە.

لە کۆبونەوەی ناتۆدا، بایدن گوشارێکی زیادی کرد بۆ بەرزکردنەوەی بودجەی سەربازی ئۆروپا و پشتبەخۆ بەستنیان و بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و گواستنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئۆروپاوە بۆ ئاسیا.

"هێزمونی سەربازی ئەمریکا بەسەر جیهاندا کۆتایی هاتووە"، "هێزموونی ئەمریکا دواین ڕۆژەکانی خۆی دەژمێرێت". ئەمانە گفتگۆی ئاوڕکارانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە بڕکسل بوون. ڕەنگە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ناتۆ-ئەمریکا لە ئەفغنستان، ئەمریکا "دەیەیەکە سەرگەردانن" بە شوێن دروستکردنی دوژمنێکی تردا بن.

ئەمریکا – چین ئایندەی سیستەمی نوێی جیهانی

کۆتایی چیمریکا (Chimerica)

شێپل و جۆرج گۆڵاوەکانی ڤایرەسی کۆرۆنا بۆ کیشوەرەکاندا هەرش دەبات. ئەمریکا و چین پشت لە پەتاکە بۆ تەواوی خەیان بۆ دوای شێپلەکان ئامادە دەکەن. سەردەمی دوای کۆرۆنا، سەردەمی دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی جیۆ سیاسی و جیۆ ئیکۆنەمی و جەمسەربەندی و سەنتەری هێزی نوێ دەبێت.

چیمریکا، نێوی دەورەی گەشە و پەیوەندی دولایەنەی چین – ئەمریکا لە ساڵانی دوو هەزارەکان بوو. [نیل فرگسن-(Niall Ferguson)] و [مەریز شولیەنک-(Moritz Schularick)] کە داهێنەری ئەم چەمکەش بوون (لە دوو وشەی لەکدراوی چین-ئەمریکا پێکهاتووە)، پێیانوابوو ئەو جۆرە لە سیاسەتی پوڵی و بازرگانی و گۆبەڵایزەیشنە داینەمۆی ئەو پشکەوتنە ئابوریەی هەردولا بووە و بەتایبەت بۆ چین.

پەیدابوونی ڕکابەرێک بۆ توانا ئابووری و تەکنەلۆژی و سەربازییەوە بۆ فەرمەدان و جێگاگرتن لە پێکهاتەی سیستەمی سەرمایەداری لە جیهاندا لە پشووی سیاسەتی ئەمریکادا نییە. جۆ بایدن لە کۆنگرەی [گی ۷- G7]دا، وتی (ئەمریکا دەگەڕێتەوە)، چین وەڵامی دایەوە (سەردەمی دیاریکردنی چارەنوسی جیهان لەدەست کەمینەیەکدا تێپەڕیوە). لە ڕاگەیاندنی کۆتایی ناتۆدا، (۱۰) جار

نەوی چین وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهان و خاوەن چەکی ئەتۆمی و چاوچنۆکی و پۆلامار، کەشە بۆ تایوان وهونگ کۆنگ. چین گاڵتەی بە ئۆقیانوس هات "ئەوە هێشتا بە مینتالیتی جەنگی سارد " مامەڵە دەکەن.

ڕۆژی (١-٧-٢٠٢١) لە وتاری یادی (١٠٠) ساڵەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی چیندا، سکرتیری گشتی حزب و سەرۆکی دەوڵەت، چی جیپنگ، ووتی (هیچ کەس ناتوانێت بمانگەنێتەوە، خەیاڵیان خاوە هەزە بیانییەکان جارێ تر گەلی چینی بچەوسێنێتەوە، دیوارێکی پۆاینمان هەیە). لە نێوان ئەم گەلانەوەی ئەمریکا و نزگەلانەوەی چیندا، مرۆڤایەتی ڕاپەڕاوەتە نێو دەورانێکی زۆر ئاڵۆز و نادیارەوە.

(نیل فرگسن)، پرۆفیسۆری مێژووی نوونتۆیی، لە (٢٠١٩)دا، لە گەرمەی شەڕی بازرگانی (ئەمریکا – چین)دا، ڕایگەیاند کە ئۆگەر ئەمریکا و چین لەسەر کێشکانی بازرگانیش ڕێککبکەون، تازە بڕیارێت پێناوەتە نێو قۆناخی "شەڕکی ساردی تروە". لە تازەترین چاوپێکەتنیدا دەڵێت (چیمریکا مرد).

چین بە پرۆژەی ملیاردی ڕێگای نوێی ئاورشمین کە بە پرۆژەی سەدە ناسراوە، (٦٠) ولات و (١٠٠) گەورە شاری ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بە هەڕاندنی سەرمایە بە دروستکردنی بونیادی وەبەرهێنان لە ئەفریکا، بە کەینی کەمپانیا هەرە گەورە و ماماوەند و زنجیرە هێتێل و کلوپە وەرزشیەکانی ئەوروپا و ئەمریکا، بە پێدانی قەرز بە وڵاتانی هەژاری ئەمریکای لاتین، بەیەکەمینی نەردەی کارا بە بازاڕی جیهانی، لەماوەیەکی کورتدا بوو بەدووەم هێزی ئابووری لە ئاستی جیهاندا.

بە دروستکردنی ڕاکێتی دوورهاوێژی (٤٠٠٠) کیلەمەتری، بە پیشەسازی جەنگی دەریاوانی و کەشتی، بەبونی هێزی ئەتۆمی، بە داگیرکردنی فەزای سەتەلایت و پانتایی ئاسمانی.

چین بە پێشکەوتنە تەکنەلۆجیە خێراکانی و پرۆگرامەکانی زیرەکی دەستکرد و هەڵدان و گەشەکردن و وەبەرهێنان و گەشەپێدانی ئەو بوارە سەدا (٤٧) هەموو جیهان پیکدەهێنێت.

چین حزب و دەوڵەتی لەکهەڵپەکا. حزبەک سەروی ٩٠ ملیۆن ئەندامی هەبێت، ترادسیۆنەکی کاریزمایی- دسپلینی و دیکتاتۆری هەبێت، پەیوەندی لەگەڵ (٥٦٠) حزبی شیوعی و لە (١١٦) دەوڵەتدا هەبێت. زۆرێک لە دەوڵەتانی بە قەرزی بەسود، بە وەبەرهێنانی لە کەرتە پیشەسازیە گرنگەکانی هاتوچۆ و کارەبا و تەندروستی بەئەوەی ڕاستەوخۆ خۆی لە سیاسەتی نەوخۆیی و شەوەی حوکمەانی و جۆری ئایدۆلۆژیەکەی هەڵقورتێنێ. کردبێت. زۆرێک لە پشبینیەکان ئەو وتەیەی چی پینگ پشتڕاست دەکەنەوە "ساڵی٢٠٤٩" چین هێزی یەکەمی

جیهان دەبێت.
پەیدابوونی ئەم هاوبەشە (شریک)، لە حەوسەڵەی چاوچنۆکی ئەمریکادا نییە. کەبەکە و ملاملانێیان، بەگومان چەشنی دوو بڵەکی سەردەمی جەنگی سارد نابێت، بەڵام گومان هەڵگر نییە: شەڕ لەسەر هەژمون و لەسەر نفوز و لەسەر بەدەستهێنانی کەرەستەخاوە سەرکێکان قەهراوی و مەترسیدارترە.

چاوکی ناسیۆنالیستی، ڕوانینکی ئەنتەرناسیۆنالیستی
ڕەنگدانەوەی ئایندەی ئەم پەلبەندییە لەسەر ناوچەکە و عێراق و کوردستان، گەورە و کاریگەر دەبێت، بەڵام نەک بەو چاوەی ناسیۆنالیستەکان تەماشای دەکەن. چاوی ناسیونالیستی – هەمیشە زیانبەخش بووە بە نەتەوەکەش، نمونەی هەرە نزیکمان ناسیۆنالیستە کوردەکان باشترین لە خراپترینەی مێژوویین. وە هەموو ئەو نوسینانەش لە چوارچێوەی پەداهەدانی جە بایدن و"شەڕی ئەتەکراسی و سەدەی دیمەکراسی" دا یان بەڕەی "شارستانیەتی ئاسایی"دا نوسراون، بەبەشن لە دیدگای بینینی جیهان و جێگای کەمەگای ئەمە وەک توانای نواندنی هەڵوەستی شەڕشگەرانەی بەرپرسیارانەمان.

پرۆلیتاریا و بەرژوازی و کەشکانی سەرمایە
سەردەمی کەرەنا، سەردەمی بەرەنگاریەکی جەماوەری بەوەنە بوو بە بەرگری لە ژیانی ڕووت، لەسەرانسەری جیهاندا، ئەمریکای لاتین، ئەفریکا، ئەمریکا، چین، ئەروپا، ئاسیا، ئەمریکا، هەڵچوونە جەماوەریەکانی (ژیانی ڕەش-پێستان بایەخدارە) "بلاک لایڤس ماتەر – (Black Lives Matter)" سەدان هەزار کەسی لە دژی ڕاسیزم و سەرمایەداری ئەمریکی و لە ئەروپاش دژی کۆلۆنیالیزم وشارستانیەتی سەرمایەداری هەنایە نەو چالاکی سیاسیەو. بەکاری بەو پەی گەیاند، سیاسەتی تانکەرانەی کەرتی تەندروستی خستە بەر کامەرای جەماوەر.
بە ئارامکردنەو و شەرعیەتدانەو، بایدن ناچاربوو دەستوبرد گەورەترین قەرزی مێژوویی لە بانکی فیدرالی ئەمریکی کرد (٦ بلیۆن یانی شانزە سفر) دۆلار بە گەڕخستنەوەی ئابووری. قەرزەکان بە بەکاران و ڕەگاوبان و نەخشخانەکان و قوتابخانە و تەکنەلۆژیا و بواری سەربازی کە (٢٤٠) ملیاردی بە بەرگرتن بە تەکنەلۆژیایی چینی بێت. دەڵێت دەکەوێتە ژێر قەرزەکی بەوەنەی مێژوویەو، کە ئاکامەکەی بەهەلئاوسان و لە دەستدەرچوونی کۆنترۆڵ کۆتایی دێت. یەکێک لە باشترین ئابوریناسانی ئەمریکی و پرۆفیسێری کۆنسەرۆتیڤی هاڤارد لە چاوپێکەوتنکی دەڵێت: (ئەمە بەخرایی ١٥٠

کم دەبن و نازانین توشی چ ڕووداوێک دەبین)، هەر لە درێژەی هەمان چاوپێکەوتندا دەڵێت: (بەهەر بارێکدا بشکێتەوە، لەگەڵ هەڵاوسان ڕووبەڕووین، هەڵاوسانیش وەک وەک مادەی بەرزە بەهێشکەرەکانە بە هەرە هێزارەکان، وە بەسەر ئێواندا دشکێتەوە).
دەوڵەتی چین، بەسەرکایەتی (چی چیپنگ)، دەستی حزبی درێژتر کرد لە نێو سەرمایەی کەرتی تایبەتدا (لە سەدا ٥٠ بەرز بوونەوە بە سەدا ٧٠)، تەکنەلۆژیکی لەهەردووکیان دروستکرد، لە (٢٠) هەزار گەورە سەرمایەداری چینی، سەدا (٩٠)یان کادر و پلە باڵاکانی حزبی کۆمۆنستن. بە هێشتنی سەرمایەی دەوڵەتی و بگەڕخستنی لە کەرتی بازاڕی ئازاددا کە لە هەندێک بواردا ئێستا "زیادە بەرهەم هێنە" و ناچار بە وەستانی کارگا و کۆمپانیاکان کردووە.

لە (٨٠٠) ملیۆن کرێکاری چینیدا، کە بە کارگەی کاری جیهانی نەودەبرێت، بزوتنەوەیەکی نوێی کارگەری شکڵی گرتووە. بە یەکەمجار مارکس خوێندنەوەری زۆرتری لە ماوتسی تونگ، نەوەیەکی نوێی مارکسیستی (بەتایبەت لە زانکۆکان)، کە سەردانی مانگرتنە کرێکارییەکان دەکەن بە ئاشناکردنیان بە کۆمۆنیزم. لە (٢٠٠٤)دا (٧٤) هەزار جار ناڕەزایەتی دەربڕاوە لە (٢٠٠٥)دا (٨٧) هەزار جار. هەرچەند نەقابەی کرێکاری دەرەوەی نەقابەی فەرمی ڕێگا پێدراو نیە، بەڵام هەندێک لە مانگرتنەکان بە دامەزراندنی شورای کارگەکانە یانی بە ماف سیاسی و دەسەڵاتی سیاسییە و ئەم مانگرتنانەوها گۆشیان سەندووە لە ڕۆژنامە و گوڤار و سۆشیال میدیادا بەفراوانی بڵاودەکرێنەوە. مانگرتنە کرێکارییە سەرکەوتووەکان لە بەرامبەر کۆمپانیا جیهانیەکانی وەک هێندای یابانی و فۆکسۆنی تایوانی (٢٠١٠) کە هەقدەست و هەلومەرجی کار و ژیانکانیان گونجاوتر کرد. سەرەتای شەپۆلێکی فراوانی کێشایە نێو بزووتنەوەی کرێکارییەوە. سیاسەتی نیولیبرالیزمی لە بگەڕخستنی هێزی کاری چینیدا کە (٥) لە (٤)ی سەرجەم کرێکارانی شار پێکدەهێنێت، تەنها بە کاپیتالیزمی دونیا نابڕێت سەرچاوە قازانج.

وتارێکی نایاب لە لاپەڕەی یەکەمی هەفتەنامەی دی تسایتی ئەڵمانی (٢٠-٦-٢٠٢١) باوکراوەتەوە، بە بایدن دەڵێت: ئەورووپا دوو جەمسەری ناوێت، ئەورووپا کێشەیەکی گەورەی نەوخەیی هەیە. ئەورووپا لە نوخەیدا دوو چینی کۆمەڵایەتی پۆلارزەیشن بوونە، ئەبێت سەرنجمان لەسەر ئەم کێشەیە بێت.

سەرەتایی تەموزی ٢٠٢١

بەرگریێک لە شکۆ، لە یاسا و لە دادپەروەری.. جەمال کەشش

گریمان یەک ساڵ، بە تەنها یەک ساڵ، دادگایەکی سەربەخۆ، و بەپێی ستانداردە جیهانیەکانی ئەمرۆ، پێیانو بکرێت لە کوردستانی عێراقدا، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ بە سەرۆک و جێگر و دامەزراوە باڵاکانیەوە، بەرگەی یەک سەعات ناگرێت و پێویستە هەبوشتەوە:

• لەسەر تاوانکانی شەڕی نێوخۆ، کوشتاری بۆنقەستی لاوە خۆنگرمەکانی کوردستان، هەتا هەرزەکار و مەردمندالیش.

• لەسەر تیرۆری بکەمەڵەی نێیارانی سیاسیان، ڕۆژنامەنوسان، کەبەرانی سیاسیان.

• لەسەر دزی و تاڵانیێک کە هەموو بەگگ و دەکیومینتکانی دراون بە پەرلەمان و دەزگای دەستپاکی، کە لایەن ئەندامانی باڵای حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەستای کوردستانەوە ئەنجامدەدرێن.

• لەسەر بەشداری لە پلانی قەزەونی لەشکری وەاتانی بگانە، لەسەر ئادەستکردنەوەی ئەپەزسیەنی وەاتانی سەرکوتگەری دەوروبەر.

• لەسەر ئەشکەنجەی زیندانیان، لەسەر شەوازی قەهراوی و فاشیانەی دەزگاکانی ئاسایش و پاراستن و دژە تیرۆر.

• لەسەر قەلاچەکردنی ژنان و دادەدانی تاوانباران.

• لەسەر ئەنفال، هەبجە، بازرگانی لەگەڵ داعش، قاچاخچیەتی دەرمان و چەک، …

• لەسەر هەبەستنی درێ، نەفرەتی ئاسیستی، دەسوەردان لە ژیانی تایبەتی تاکەکاندا.

• لەسەر ….

دامەزراندنی دادگا و دامەزراوەی دادوەری سەربەخۆ، ڕوونکاری (شەفافیەت) و ئەقەکانی لەکەینەوە و سەلماندنی تاوان و بەتاوانی (بەرائەت)، پێویستی بە شەرعیەتکی یاسایی دەوێت هەیە، کە لەدەرەوەی لابینین و سروشتی دەسەاتی ئەستای کوردستاندایە.

سازکردنی سیناریۆی "سیخوڕی" و "تەکدانی ئاسایشی نەتەوەیی"، و پڕوپاگەندەسازی بە ڕۆژنامەنوسان و هەسوڕاوانی خەپیشاندانکان، بکارهێنانکی دامەزراوەی قەزاییە بە فشار و ئەجێندانی سیاسی،

ڕاگەیاندنی تاوانباری پێش هەڵدانەوەی پەردەی شانۆگەریەکە گەلێک لە سنوری سزادانی "کەیسی شەروانی هاوڕێکانی" واوەترە.

بەکارهێنانی پێگەی سیاسی بۆ سەرکوتکردنی ڕۆژنامەنوس و هەڵسوڕاوانی سیاسی و جەماوەری، بەناوی یاسا و بەو تۆمەتانەی کە بیانووە نایاساییانە، مەترسیترین هێنگاوە بەرەو دەورانی هەڕەشەی سەرکوت. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی و پارێزەرکانیان، بەگەی پێویستیان بە بەتاڵی دادگاکە خستە ڕوو (نەبونی پارێزەر، سەرنگونکردن و دابەزاندنیان لە دونیای دەرەوە، بەبەگەیی، گواستنەوەی دادگا، ڕەدکردنەوەی ئیفادە، ئیشکەنجە، تاوانبارکردنیان لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە، ... پەلەپەلی دادگا و ...). سازکردنی ئەم شانۆگەریەش، بگەڕێتەوە پێوەندی بە دادوەری و دیاریکردنی تاوانبارەوە نییە، هەڕەشەیە بۆ کەمەگا، بۆ ڕۆژنامەنوسان و خەڵکی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆن دەڵێ ئەوە ببینن.

بابەتکانی دادگەری و یاساکانی تەشریع و سزا و تاوانکاران، ئاوێنەی ژیان و ماف و شکۆ و ستانداری ژیانی هەر کەمەگایەکن، (لەگەڵ ئەوەدا پاریزگاری مافی خاوەندارییەتی تایبەتی، بنەمای دەستورویاساکانی دەوڵەتی بورژوازی و پیرۆزییەکانیەتی)) بەڵام خەبات بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی کراوە و پێشکەوتوی مەدەنی و مافی یەکسانی هاوڵاتیان لەبەرامبەر دادگا، ئەقڵیەکی گرنگە بۆ بردنەپێشەوەی خەبات لە پێناو جیهانێکی ئازاد و یەکساندا.
ئازادی دەربڕین و هەڵسوڕانی ئازادی سیاسی و مافی دەستهێنانی زانیاری و ئازادییە گشتییەکان، کاریگەرترین هەڕەشکاندنی سیستەمە تۆتالیتاریەکانە و دروشانەوەی خەباتی بزوتنەوەی سۆشیالیستی و ئازادیخوازییە. پارێزەران و دادوەرانی ئازادیخواز، مەشخەڵی فراوانکردنەوە و بەستنەوەی ئەم خەباتە بە دەسەڵاتی سیاسی یەوە هەیە.
خەبات بۆ ئازادی تەواوی زیندانی سیاسی بادینان، هاوخەباتی لەگەڵ کەسوکاری زیندانیەکان، لەگەڵ حەسرەت و فرمێسکی منا و دایک و هاوسەریان، بەشکە لە بەرگریکردن لە شکۆی مرۆڤ و مافی یەکسان و دادپەروەری.

٢٠٢١-٣-٢٠

ڕاپرسی گشتی لەسەر پەیدانی زەوی بەشێخ نەهرۆ.. جەمال کەشش

پرۆژەیەکی گەورەتر لە مەرجەعیەتی سەفی وکەرتی گەشتیاری گەشتیاری پرۆژەی مەدەرنەیە

تەماس کوک داهێنەری گەشتیاریی مەدەرن، یەکەمین گەشتی لەساڵی ١٨٤١ لەگەڵ شەمەندەفەری هەڵمینەوە، بە ٥٧٠ کەس، لەنێوان دوو شاری نۆوخەیی لە بەریتانیادا ڕێکخست. کرێی تێچووی بە کوپە چایی و پارچە کێکیک بە کشمیشەوە یەک شیلنگ بوو. هەمان کەس لە ساڵی ١٨٥٥ دا یەکەمین گەشتی بۆ ئەوروپا سازدا. تا کۆتایی ساڵی بەری، گروپی کەمپانیاکانی تەماس کوک یەکیک لە گەورەترین کەمپانیاکانی کەرتی گەشتیاری بوو. مژووی گەشتیاری مەدەرن " گەشتیاربە ابواردن وبەسەربردنی کاتکانی پشوو بە جگا دووڕکان" سەفەر دکات، بە چەند قۆناخێکدا تێپەڕیوە. سەرەتا ئەم نیعمەتە هەر بە چینە ئەرستۆکراتەکان وپادشا و خەزانە دەولەمەندەکان تایبەت و دابین دەکرا. بە پەرەسەندنی شۆشی پیشەسازی بۆتایبەت لەبواری ڕێگاوبانەکان و شەمەندەفەرو پاپۆڕەکان ، بواربە تۆڕە پارەدارەکانی تر لە پسپۆڕان وپزیشکان وجەنەرالەکاندا ڕەخسا. نیو سەدە دواتر،پاش ئەوەی خەباتی چینی کرێکار، کەمکردنەوەی سەعاتی کارو پشووی یەک هەفتەیی ودوو هەفتەیی بە کرێی تەواو بەدەستهێنا (بۆتایبەت لەئەڵمانیا)، گەشتکردن پانتاییەکی کەمایەتی وەرگرت. پیشەسازی گەشت وگوزاربە سێکتەرێکی وەبەرهێنانی کەمایەتی سەرمایە، لەدروستکردنی هوتێل و پاپۆری گەورە و چێشتخانەو پارک وشوێنە گەشتیارییەکان …پەرەدەستێنن. بیریارو مژونوسانی گەشتیاری، پرۆژەی مەدەرنە وگۆشکردنی هیومانیزم و تەنانەت بەخشینی قەوارە بە ئەوروپا بە روحی گەشتیاری مەدەرنەوە دەبەستنەوە. تێلیرانس و کرانەوە وژیاندەستی و ژینگە دەستی، بەشکن لە شوناسی تیوری گەشت. یەک سەدە دواتر، لە دەورانی سەرمایەداری جیهانگیر وگلۆبلازێیشندا، پشکۆوتنکان لە بواری تەکنەلۆژیای پەیوەندی وهتد ئاسمانیکان و هەرزانی وخرایی ئامازەکانی گواستنەوە و..هتد. سێکتەری گەشتوگوزاری گەیی بەیەکک لە پرۆژە هەرە گرنگەکانی بازاڕی سەرمایەو بەگەڕخستنی هێزی کار

ملیۆنی. لە ٩ مانگی سەرەتایی ساڵی ٢٠١٩ دەدا ١.١ ملیارد گەشتیار هەبووە. لەهەر یانزە کەس لە هەزی کار لەو بوارەدا کاری کردووە ، لە هەندە وڵات سێیەمین سیکتەری داهات بووە. وە ساڵی پێرار، بە بڕی ٢.٢ تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی کۆکەی سەرمایە خەمڵێنراوە.” سایتی ڕۆکخراوی گەشتیاری جیهانی”

دەرفەتەکانی بەردەم گەشتی گەشت وگوزار لە کوردستانی عێراق

ڕێنگە نمونەیەکی گونجاو نەبێت، سویسرا بە بڕاورد کاری، من بەکورتی یەک لایەنی وەردەگرم، سەردانی ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سویسرا دەکە یت سە ووشەی زەر سادە(بابەتی، شەفافیەت، متمانەی تەواو) وەک بەرنامەی ڕۆکخراوێک ” ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی” دەبینیت.
لە ساڵانی ٢٠٠٧ بەدواوە، ساڵانە ژمارەی گەشتیاران لە کوردستان هەڵکشاوە . بەپێی “بەردی گشتی تەریزم”ی حکومەتی هەرێم ، لەو ساڵەدا ٣٧٧.٣٩٧ گەشتیار سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ گەیشتەتە ٢،٢ ملیۆن کەس. لە ساڵی ٢٠١١ دا، ڕۆژنامەی نەرک تایمز، کوردستان بە ٤١ یەکەمین ئەو جیگا جیهانیە ریز بەند دەکات کە گەشتیاران دەتوانن سەردانی بکەن، وە ناسیونال جیوگرافی بە ٢٠مین باشترین شوێن دادەنیت کە گەشتیارانی جیهان گوزەری تێدا بکەن. ٣٥٠٠ شوێنەواری مڵۆیی هەیە، لەساڵی ٢٠١٣ دا بەپێی لێکدانەوەی هەمان سەرچاوە تا ساڵی ٢٠٢٥ پێشبینی بە ٧ ملیۆن گەشتیار دەکەن کە پێویستی بە ٢٥ هەزار کرێکار دەبێت. ١.١ ملیارد دۆلاری ئەمریکی سەرمایەی دەبێت. بەپێی سەرژمێریێکانی وەزارەت، لە ساڵی ٢٠١٨ زیاتر لە دوو ملیۆن گەشتیارهاتونەتە کوردستان،٢٠١٩ زەر هەڵکشاوتر بووە. سەرەڕای ئاوەی عێراق لە خراپترین هەلومەرجی سیاسی وئابووریشدایە، بەڵام چڕنی کریسمس و وپشووکانی سەری ساڵی ٢٠٢٠ ، نزیکەی دوو سەد هەزار کەس هاتونەتە کوردستان.

لەو ٢٧٨پڕۆژەیەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگواز بە دە ساڵی ئایندە لەمانگی تەموزی ٢٠٢٠ ەوە، بەاوکراوەتەوە (پڕۆژەی گەشتیاری شێخ نەهرەش ی تیا نیە). دەقاو دەق هەمان سیاسەتی ئابووری یە لە بەستەرەکانی خانوبەرە،دەرمان،جگەرە...کۆنترۆڵی بزنسزمانی حزبی لە فەرمی کەمپانیاکانی کەرتی تایبەت دا. دوای تەواو بونی وەرزی سەردانی میوانەکانی خاتوو ئەمەل جەلال، سەرەکی گشتی دەستەی گەشتوگوزار، بەبۆنەی دەست بەکاربونیانەوە،لە ٢٤.١١ لەگەڵ کەمپەی بانکەکانی عێراقی دانیشتنیان بە پێدانی قەرزی گەشتیاری بوو. بەکورتی فەرهود کردنی ئەم کەرتە گرنگە وکردنی بە

سەرچاوەی دزی و تاڵانی . حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پاوانییەش، وەک خزمەت بە هاوڵاتیان وبڕوادان بە گەشتیاری و ڕاخساندنی هەلی کاروهەڵنگکردنی سەرچاوەکانی داهات وپارەدان بە بەرهەمی ناوخۆیی پەمان دەفرۆشتەوە.

خنکاندنی گەشتوگوزار لەنێو یەکلامی ئایدیۆلۆژی ئاڵا " ڕۆژی ئاڵا" ،وئاین" مژووی کورد، مژووی تەریقەت و مەولاناو دەبەت کورد شانازی بکات -خەندان دیداری ئەمەل جەلال" ، نەتەوە پەرستی یەوە" خەڵکی ناوچەی سەران شانازی دەکەن بەنەتەوە پەرستی خیانەوە-سایتی گەشتوگوزاری سەران" ،" کەمپانیای ساڕۆژ بە گەشتوگوزار" ، وەنەی ئاڵایەکی کوردستان لەدەستەک وچەکەکی کەاشینکۆفکی قەنداخداری بەدەستی سەربازەکەوە بەرزکردەتەوە، لە باکگراوندی پەیجەکەی خۆی دیزاین کردووە. پەکردنی ناوەندە وبنکەکانی گەشتیاری بە هەواسینی وەنەی پەشەوا بەنێو گوللە نەبەو یاتاخەکانەوە، تەنها نەخوەندەواری و نەناسین نادات، بەکە ئامانج لەگرتنی هاوڵاتیانی نەک خۆیی یە.
ببورن، جارە هەر لەسەر پرۆژەی گەشتیاری دەمەنم، یەکەک لە هەرە کارە گرنگەکانی بواری گەشتیاری، ناسینی پەکهاتە، میزاج، زەوق ، پەداویستی یەکان و بودجەی گەشتیارانە. ئەم تەشخیسە، کلیلی کاری وەزارەت ودامەزراوەکانی گەشت وگوزاییە. بە گشتی گەشتیاری ئەم ساڵانەی دوایی لە ئاستی جیهاندا، دوو پەویستی گرنگ کە وەزارەتی گەشتوگوزارلە بەرنامەی تەنانەت دەساەشدا داینەناوە: خزمەتگوزاریە دجیتاییەکان وپەست ودابینکردنی هەیکانی هات وچۆی حکومی یە. دوو؛ دامەزراندنی سیستەمی بانکی وئاسانکاری بە گەشتیاران بە کارتی بانکی وئاوگاری دراو لە شوێنە گەشتیاریەکاندا. گرنگترین پەداویستی یە سەرتایە ناچاریەکانن لە پەشخستنی کارتی گەشتیاری دا. " بابەتی" بوون بەم مانایە دەت.پرسی "شەفافیەت" وەک دەسیەی ڕۆژنامەنوسە تیرەرکراوەکان لە" پەکهەنانی لیژنە" داو "متمانەی تەواویشدا " ەک وەک دابینکردنی موچەو چاکسازی یە.
کارتی گەشتیاری لە کوردستان، هەم گەندەڵی تا سەر مەخ ەڕچووە، وە لە نەو کلتوورەکی خەڵکی دواکەوتواندا دەرفەتی هەڵدانی گەورەی لە کیس داوە. بەەام پەدەچەت بەەایەکی نەگبەت تری لە ژێر کۆاوەکەیدا شاردبەتەوە.

گەشتی ەش ، گەشتیاری ەش

گەشتیاری ەش، دیاردەیەکی نوە یە وبەم ساڵانەی دوایی پەیدا بوو،

بەشکی زۆر کەمی گۆشتیاری پێکدەهێنێت، نمونەی ئەو کەسانەی سەردانی دۆڵی خەکوشتنەکان لە یابان دەکەن، یان قەسابخانەکانی رواندا کە لەنزیکەوە لاشەی ئەو کوشتارگایانە ببینن لە نێو ماڵەکانیاندا بەکەمێ کوژراون و ئەو هاوارانەی کە هێشتا دەمیان کراوەن، یان ئەو کەرپانەی کە دەستیان پێنەنراوە … لەبەردا خودی گۆشتیارەکە " ڕەش " نیە. بەڵام لە پرۆژەکەی خاتوو ئەمەل جەلال دا" گۆشتیارەکە" لە هاوتای بەرژەوەندی گۆشتیاریەوە" ڕەش"،وە " زیانبەخش". گۆشتیاری ئایینی بە سەردەمکانی چەرخی ناوەڕاست دەگوتێوە. کەسانێک تەرکی دونیا بکەن وخۆوەتگیری بکەن، پێخاوس و حەی حەی شیرو تەلا لەیەکدی بدەن و خەنجەر لەسەر یەک بچڕێنن، دیمەنێکی دیگیرو ڕەمانسی نین. وەک مرۆڤیش، بەزۆوقترین وهەژارترین وکەسترین بەش لەکەمەگا پێکدەهینن. بەهیچ جۆرێک ئەم موریدو سۆفی وخەلیفانە،لە حسابی گۆشتیاریدا سەرمایەگوزاری لەسەر ناکرێت. تەواو بە پێچەوانەوە، شوناسی کلتووری ناوچەکە دەوشێنێ و شاری سلەمانی لە ناوبانگی دادبەڕەنێت. گۆشتیاری کە چرای سەرچاوەی هەمەڕەنگی ژیان وبەخشینەوەی بەختەوەری ومەدەنیەتە بە ماوەیەکی یەکجار زۆر لە سلەمانی دەکوژێتەوە. سفرخوەندنەوەی بە هەدان وبەرەوپشەوەچوونی گۆشتیاری کردووە.

ئامانج لە پرۆژەی " مەرکەزی تەسەوف"، لە سلەمانی چیە؟

لەماوەی ٧ دا ، نێتی عەرەبی کەناڵی روداو، ڕاپەرتەکی شیکاری لەگەڵ وەرگەڕانی چەند بەش لە وتارەکی واشنتۆن پۆستی ساڵی ٢٠١٩ لە مەڕ شێخ نەهرە باوکردووە. پەردەی لەسەر بەشێک لە تموحە سیاسی وئابووریەکانی ستراتیژیە هاوبەشکانی شێخ وئەمریکا هەدا بووە. بنەماڵەی شێخ نەهرە، هاوکاری لە مۆزیەنیان بە دەزگا سیخوریە هەرە حەساسەکان کردووە.شێخ نەهرە، لەزانە لە یاریکردنی وەرەقە ئایینیەکان و تێکەڵکردنیان بەیەکتر دەتوانێت ئەو ڕەهەندە ببینێ، ئەلگۆیەک لەچەشنی ئەوەی لە پاکستان هەیە، بە ناوچەکەمان پێشبینی لەبکەین.
لەگەرمەی پرسەی شێخ موحەمەد کەسنەزانی، باوکی نەهرەدا، ماڵپەڕەی جەزیرە پرسیار لەیەکێک لەکەسەرەوانی سیاسی کوردستان دەکات: ئایا ئەگەری گۆڕینی تەریقەتی کەسنەزانی لە ئایدیولۆژیەکی دینی یەوە بە ڕەوتێک یان کەمەیەکی سیاسی هەیە کە سەرکی نوێی بەیعەت پێدراولە پاشخانەکی سیاسی وبازرگانی بەهرەمەندە؟. سەران سۆکانی ئەم ئەگەرە بەدوور دەبینێت، سەیرای بەرژەوەندیە سیاسی وبازرگانی وشەخسیەکانی خەیشی کە هەیەتی).

وتارە هاوبەشەکەی ئاراس فەتاح-مەریوان وریا قانع لە سایتی درەو، دیاردەی پەیدابوونی شەخ نەهرە، بە هەمان میتەدی یان بە لەکدانەوەی مەیلی حزبی کوردی بکارهێناوە. بەکارهێنانی پێگەی خەزانی و میراتی سەرمایەی ڕەمزی بە بزنسی سیاسەت و دەسەڵات. ئەم مەرجەعیەتە ئایینی یە، گەشە دەکات بە پشکی کەمپانیای دەسەڵاتی سیاسی تا مانەپەلی سەرمایە لە کەرتی گەشتیاری بکات. بە بەچوونی من ئەمانیش مەترسیە جددیەکانیان لە خەڵک شاردۆتەوە.
ئەوانیش وەک هەوڵێکی بەرەی دژە شەڕش، دژە ئاوگەڵەی ئادیکاڵ لە دەسەڵاتداڕەتی پەردەپۆشکردووە. ڕەخنەی ئەم دوو نوسەرە کە تەعبیر لە ئەپۆزسیۆنکانی نێو بزوتنەوەی گەلان دەکەن، هەمان ئەو ڕەخنانەیە کە لەحزبەکان هەیانە و وەک موئیدێد ئەحمەدیش لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت، ئەگەر بارگایان هەبوایە ڕەشنبیران، بەدنیییەوە لەلایەن لاوانەوە دەسوتێنران.
سەردانی شیخ نەهرە بۆ لای نێچیرڤان بارزانی، بۆپێی ئەو ئاگەیاندنەی سەرکایەتی هەرێم بڵاوکرایەوە، پشتیوانی وهاوکاری بۆ سەرخستنی بەستنی کۆنفرانسی سەفیگەری دەکات. لە ساڵیادی سڵەمانی قاسمیانیدا ڕەبوار کەریم وەلی سەفقەیکی بازرگانی سەرنەکەوتووی پەستی سەرەک کەماری عیراق کەشف کردووە، سەرنجڕاکێش تیایا لەمەڕ شەخ نەهرە دەنوسێت پەدەچیت: ئیتفاقێکی- ئەمەریکی- ئیرانی- پارتی- سونە لەسەر شەخ هەبێت. سوچێک لە دیاردەکە ڕونتر دەکاتەوە،چرای سەوزی سەرەک نێچیر تیا بەرزکردەتەوە، بەڵام ئاشکرایە، پارتی تەحەمولی شەخ نەهرە لە هەوڵەر ناکات.
هیچ بۆنەیەک بە خەم خواردنمان لە پەیدابوونی مونافسێکی نەخوازراو بە بزنسە کەی شاسوار عەبدولواحید نابینمەوە.

پلانەکە گەورەتر لە تەریقەت

بنەماڵەی شەخانی کەسنەزان، لە ڕەگەی پەیوەندی شەخسی لەگەڵ عزەت دوری وحزبی بەعس ووەزارەتەکانی (مەجلیس تەشریعی)ئەوسادا،لەکاتی شەڕی عەراق/ئێران و لەکارەساتی ئەنفالدا مەرەیەکی بەکاری براوی ژەمەی بەعەس بووە. بە دە زگا سیخوڕی و هەواڵگرییە مەترسیدارینەکانی ئەمنی ناوچەیی وموخابەراتی ئەمەریکیدا، تەنانەت لە گەڵ شوفینیەکانی سونەشدا بەهەزار پەت بەستراونەتەوە.
هەر چەند لە تەقەکەرانی تەکیەی کەسنەزانی، شەخ نەهرە خەش بوو، بەڵام لەوەڵامی ڕەخنەگرانی ئازادیخوازدا، هستریکانە دەیوت " ئەو نەفامانە تێناگەن چ زەمین لەرزەیەک ڕویداوە."
ئەم پرۆژەیە، گەورەتر لە خودی شەخ نەهرەش. چەشتلێنەرەکان ئەم

شربایی لە متبەخکی تردا ئامادە دکەن. ئەم دیاردەیە وا دەردکەوێت، هاوسەنگی هاگرتن بێت لەنێوان ئێران-ئەمریکا و دروستکردنی هێوتەکی سیاسی-ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سونی کە یەکیتی لەگەیگایەوە سیەکی بە پێدا ببێت. بەڵام لە بنەڕەتدا، ئەرکە سەرەکیەکەی دامەزراندنەوەی دەسەڵاتە لەئاستی عێراقدا وقایمکردنەوەی پایەکانی دەوڵەتە لەبەرامبەر شەپۆلی لاوان وخەڵکی هەژاردا. داسەپاندنی سیاسەتی نیولیبرالیزمی فەرهودچی تەنها ئەم بڕچووانە دەتوانێت بتروکێنێ. ئەم سیاسەتە چ بەزەری چەک وشەڵ، چ بە هەڵبژاردن وەگای پەرلەمانی، وەها ئاساتە کراون.

پوچەڵکردنەوەیان بەرتەسکردنەوەی پلانەکە:

١- ئەم پڕۆژەیە، گورزێکی کوشندە لە کەرتی گەشتوگوزار دەدات. ناوچەی سلەمانی بەتایبەت بە ماوەیەکی زۆر لەژێرئازاری شەواندنی ناوبانگیدا دەنێج دەدات. لە هووی پیشەسازی گەشتیاریشەوە، هەڵەیەکی یەکجار کوشندەیە وباجی یەکجار گەورەی هەیە. لەباشترین حاڵەتی بەکارهێنانی گەشتیاریدا، شاری سلەمانی دەبێتە موگناتیسی کەشکردنی کەبونەوەی خراپترین گەشتیاری دەوانەو پێخاوس ودەفیدەرو زەرگ وەشەن. بەڕەز سەرەکی گشتی دەستەی سەرەکایەتی گەشت وگوزار، ئەگەر دەستناکەشیتەوە لەسەر ئەم سیاسەتە نابەرپرسانەیەت، لانی کەم دەست لەم پلانە کۆنەپەرستانەیە هەڵبگرێت.

٢- بەڕەز شوان محەمەد لە بەدواداچوونیدا بە ساخکردنەوەی راستی پەدانی زەوی بە نەهرێ موحەمەد کەسنەزانیدا بەو ئاکامە گەیشتووە، تا ئێستا پەی نەدراوە.(وتاری لە سایتی سپەدە). لە جوانترین ناوچە گەشتیارییەکان، لە پێشوازی و جامخانەی پێشەنگای شاردا، پەدانی دێیان دەنم زەوی وەزارەتی شارەوانی بە شێخ نەهرێ،شەمەزاری یەبە دەسەڵاتدارانی سلەمانی. ئەگەر تەواوی دەزگا فەرمیەکانی حکومەتی سلەمانیش بە سەرجەم حزبەکانەوە لە گەڵ پلانەکەی شێخ نەهرێش بن، ئەوا خەڵکی کوردستان و بەتایبەت سلەمانی لە پڕۆژەیەکی وەها چارەنوسازوپایەخی موستقبەلیدا ، نابێت بەدەنگی هەڵبژێرن، پوچەڵکردنەوەی ئەم پلانە، شایانی تەکەشانی گەورەیە. لانی کەم خەڵک لە هەگای هەوەدان بە هەڵدکردنەوە بە شەوازی جەراوجەر لەوانە سازدانی هاپرسی گشتی و گوشار هێنان بە دەسەڵات بە سازدانی هاپرسیەکە و ڕەدکردنەوەی پڕۆژەکە.

٣- قوتکردنەوەی شێخ نەهرێ،سیناریۆو شانۆگەریە کانی، نمایش وخەنواندنەکانی، ئاهەنگزکردن و ژەهراوکردنی ژینگەی سیاسی عێراق

وکوردستانە بە کۆنەپەرستترین ئالتەرناتیف. خەڵکی کوردستان وعێراق وناوچەکە بەرگەی هەڵوێستی کۆنەپەرستی پەپلیستی ئاستەویتر ناگرن. بنەماڵەی شێخانی کەسنەزان، مێژوییەکی تاوانکارییان هەیە وهێندە بەس خەیان لەشانەی سیاسی ودەسەڵات لەکەڵ خەڵکەکەی ببنەوە.

جەمال کەشش ١٠/١/٢٠٢١

هێزی دژبەین لە جەنگی ئازادیدا … جەمال کەشش

بەبێ ئازادی، هەموو شتێکی تر هیچ نییە – ماریو فیرگاس لوسیا

چاوێک لە دۆروبەرکەن، کەماری ئیسلامی ئێران لەریزبەندی ١٧٣ یەمین دایە، بەیەکێک لە سەرکوتکەرترینی" ئازادی دژبەرین" لە جیهان دادنرێت. سەدان هەڵسوڕاوی میدیایی سەر پەنجەنراو ئیعدامکراون، زیندانی و ئەشکەنجەدراون وهاونراون. تورکیا لە ١٥٧" دایە، ٩٤٪ میدیاکان لە ژێر کۆنترۆلی ئەردگاندایە. عێراق" بە حکومەتی هەرێمیشەوە" بەپلەی ١٦٢ هەمین دێت. لە ریزی خراپترین ئەو دەوڵەتانەن کە ئازادی ڕۆژنامەگەری لەلایەن هێکخراوەی نەونەتەوەیی پەیامنەرانی بەسنوور، لە نێو ١٨٠ دەوڵەتدا لە ساڵی ٢٠١٩ بەاویانکردەتەوە.
ئازادی ڕۆژنامەگەری فاشسترین ڕژێمی دونیا ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات. بەدواداچوونە ڕۆژنامەوانیەکان لەسەر گەندەڵی وقەرخکردنی کەمپانیاکان وقاچاخبردنی بارزگانی مافیایانەی نەوت، لەسەر پەیوەندی داعش وبە حزبەکانی نێو دەسەڵات و بازرگانیکردنیان لەگەڵ بەرپرسان، لەسەر لەشفرۆشی، هەژاری و بێکاری، بندیوارو موچەی خانەنشینی و چەند موچەیی، تووڕەیی وهەڵسانی جەماوەروسوتاندنی بارەگاکان ، بەاوکردنەویان لە دژگاکان و تەنە کەمپاینێتیکاندا دیانیان لەسەری کوژران، سەدان لە زیندانەکانن. ئازادی ڕۆژنامەگەری، دایکی هەموو ئازادییەکانەو یەکێک لەهەرە گرنگترین مافەکانی مرۆڤ، جەوهەری وبنچینەیی یە بە ئەوەی کەمەگا لە دەوڵەتی دیکتاتۆری بپارێزێت. ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی

دەربڕین ناتوانن لەکیانبکەینەوە. هیچ ئازادییەک نیە ، کە ئازادی دەربڕین نەبوو.

سەردەمی دەرنەبڕین

ڕێبوار کەریم وەلی، ئیکس وتارنوسی سیاسی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕووداو، وتارێکی بەناوی(ئازادی لەسەردەمی دەرنەبڕین دا) بڵاوکردەوە، دوا دێر دەنوسێت: (ئازادی لە سەردەمی دەرنەبڕین دا درێکی شاخدارە/پریس میدیا).

نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار کەس لە ٨٥٠ دەزگای ڕاگەیاندندا لە کوردستاندا کاردەکەن هەن، وەک لە ڕاپۆرتی نیشتمانیانەی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوریشدا هاتووە " زۆرە بەڵام زۆر بەکەمی بواری میدیای ئازاد هەیە". ئەم ژمارەیە هەمە ڕەنگ ودەنگی میدیایی نین. ترسی دەسەڵات وکەنیپەرستانە لە میدیای جددی و بە شاردنەوەی خودی ئەو ترسە یە وکەنترۆکردنی دەربڕینە. نابودکردنی دەربڕینە بەناوی دەربڕینەوە.

مەترسیدارتر لە گەندەڵی

پێش دەرچوونی هەر یاسایەک بە چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری، هاوشانی دەرچوونی یاساکانیش (١٩٩٣، ٢٠٠١، ٢٠٠٤، ٢٠٠٧، ٢٠١٣ ..) تیرۆر وکوشتن و ڕاودونان وشوێنبزرکردن و فەلاقەو دارکاری هەربووە. کە فەرهاد فەرەج، سەرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، ویداد حسێن و ...تیرۆر کرد، کە هەوڵی لەناوبردنی هاوژین ئەمین و سەروەر پێنجوینی و مەریوان هەلبجەیی و دەیانی تر یدا، نامەی هەڕەشە بە چەند ڕۆژنامەنوسی ئازاد " بەشدار عوسمان وفەرمان خەلانی و نیاز عەبدوڵاو کەمال چەمانی ..." نانارد، کام ڕۆژنامەنوسی ئازادیخواز ماوە پێ شەق وتیهەڵدانتان نەکردبێت ولەسەر کەمینتێک "دڵشاد هیمو وهەرەم جاف وزریان محەمەد وئاودێر عومەروهیمن مامەندو شیروان شەروانی و ئەحمەد زاخەیی گەهدار بەروشکی. لە زیندانداا تونداتان نەکردبێت...دەیانتان ڕاکێشاوەتە بەردەم دادگا بەبیانووی " زڵاندنی نەو بانگی سەرەک- بەهرەز جەعفەر..".

هەرگیزدەسەڵاتداران وبکوژانی ڕۆژنامەنوسان لە لەپەچینەوەیی دادگایی و سزادانیان لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانە" لەتیرۆر، ڕفاندن و زیندانی وتەهەدان .." نەترساون. بەدرێژایی ٣٠ ساڵی حوکمڕانیان یەک کەس لە تاوانبارانی پلە یەک، لەگەوە کاتریان پێنەوتراوە. بەڵام هەر شکایەتکی دەسەڵاتداران لە ڕۆژنامەنوسان یەکسەر بە زیندانی وغەرامەی گەورەو داخستنی دەزگاکە کتایان دەهات.

چاوێکردنی مەدیلی تورکی لە یاساکانی ڕۆژنامەگەریدا، پێوەکردنی هەرە خراپترینکانە .(یاساکانی خراپ بکارهێنانی میدیا ئەلکترۆنیەکان، یاسای پارێزگاری لە پیرۆزیەکانی ئاڵاو سمبولە

نەتەوەیەکان، ئاسایشی نەتەوەیی). لەتەواوی دونیادا هەندێ تورکیا رۆژنامەنوسی زیندانیکراوی نیە(لانی کەم ١١٤)، شکات لەکراوی نیە(١٥٠٠)، بەکارکراوی نیە(١١ هەزار). تەوەرەکانی" کورد،ئیمان، کەمەنیزم ، کۆقید، نهێنی ئابووری " وەک پشتیوانی لە تیرۆر بەهانیان بە داتاشیون ولێیاسادا جێگیر کراون. پارتی بە خرایی بەم ئاراستەیەدا ملدەنێت. کاوە محمەد لەم کابوسە ئاگادارماندەکاتەوە(ئەو هەشبگیرییە ی ئیستا زۆر لە گەندەڵی مەترسیدار ترە -سایتی شار پریس) .
تەقە کەمەڵەیتیەکان و ئازادی دەربڕین
بەخاترجەمیەوە، تەڵەی ویکیلیکس" جولیان ئەسانج وهاوەڵکانی" ، بۆئاشکراکردنی تاوانە جەنگیەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان، گەورەترین ئاشوگەڕەی مێژوویان لە دەربڕین دا خوڵقاند. ئەوان بە گۆیاندنی زانیاریە گرنگەکان بە ئاگایی گشتی" هەڵەی کاری میدیا" یی، زیانی خۆیان خستە بەردەم جەبڕووتی گەورەترین هێز، دەربەدەر بوون، بێخانە ولانەبوون وبەمانگ و ساڵ لە ترانزیت و قونسلیەکان گیریان خوارد، تا حوکمی ١٥٧ ساڵیان بە غیابی بە دەرچوو. لەبەرامبەردا تاوانەکانی ئەمریکا لە ئاستیکی گەورەی نەو نەتەوەیدا ڕیسواکرا، ئەفسەرە جەللادەکان دادگایی کران، بوون بەسەرچاوە بە ملیۆنان کتێب ولێکۆینەوەو دەرگای بەووی هەموو ڕۆژنامە جیهانیە گرنگەکان کردەوە." گاردیان، واسنتون پست، لئبس، لەمەند.."
سەدا ٧٠ تا ٨٠ ی بینەران وبیسەرانی زەربەی کەناڵەکانی ڕاگۆیاندن، لەدەستگای دیجیتالیەوەیە. گروپە ناڕازیەکان " بەتایبەت لاوان" بەهۆی هەرزانی و خرایی میدیای ئەلکترۆنی ونەناسینی کەسایەتیانەوە ، ئەم کانالانە بەتایبەت فەیس بوک بەکاردەهێنن. لەم ماوانەدا سەران و کاریزما وپشتوانکانی شۆڕشی کورد، لە میدیای دجیتالی و بەتایبەت فەیس بووک، حەشریان پەیدەکرێت. چەندین پشمەرگەی دەربەن، مێژوی خۆیان بەرابەرکانیان شەرمەزار کرد، نەبەردانە داوای لێبوردنیان لە خەڵک کرد. کەکەڵەی ئەم پرۆژە یاسایەی فراکسیونی پارتی " پاراستنی ئابڕوکان وپشمەرگە" دەمکوتکردنی ئازادی دەربڕین وهەمان سیناریۆی تورکیایە لە کوردستان بەناوی " بەڵێزی بە سمبولەکان..".
چۆن ئازادیەکان بە گشتی و دەربڕین بەتایبەت بپارێزین؟
ئەپۆزسیۆنی فەرمی ئیسلامی کە خۆیانیش قوربانی ملهوڕی دەسەڵاتن و لایەن تیرۆرکراوە ، ئەستاش هەندێکیان لە زیندانەدان، خۆیان هاوبەش وخوڵقێنەری هەمان سیستەمی پارێزیەکانن.(لە تیرۆری عەبدولخالق مەعروف وسەلاح هەوارمی وفەرهاد فەرەج وشاپورو قابیل ..وسوتاندنی

کتێبخانەکان و و بە قەدەخەکردنی شانۆ ئاوەدونانی نوسەران وفەتوا لەدژی سەرجەم ئازادییە سەرتاییەکانی ئینسان...) تا دێگات چوونە پشت ئەردەگانی فاشیست لە کۆشکی ئەم دوایینەی تورکیا/فەرمانسادا.
هەروەها بەشێک لە توێژی رۆشنبیران ورۆژنامەنوسان وهەندێک توێژی چەوساوەکان پێیانوایە بە کاری پەرلەمانی دەتوانن ڕێگری لە تێنەپەڕاندنی یاسا کۆنەپەرستەکان بگرن، بزوتنەوەی گەلان و نەوەی نوێ یش ئەم کۆرە ڕەیە دەکەنە دەستکەوتی ئێتەبان و بە میدیا زۆبەلاحەکانیان بیروڕای گشتی دەشۆڕنن.
" نەخشەی شۆڕ" ، نەخشەیەکی زگماکی چەپی دابۆاو لە کۆشە چینایەتیەکانی کەمەڵگای کوردستانە. تەواوی هەڵسوڕانی کەمپینی وهستریکی وخانوندانەکی بە بەرنامەو بەستراتیژ، لە ڕاستیدا پەلەقاژێیە بە دەنگدانەوەی " هەشتا نەمردوم". فەتوای داعشیانەی مەلایەک، کەمپینی ئازادکرنی ڕۆژنامەنوسەک، گۆرانیبێژەک، دەیانباتە پەڕەی ئاسمان .ئەم ڕەوایە لە پراتیک و ئەم شەوازە بە خەباتی ئاوگەڕەی واقعی لەژیان، بەئازادییەکان، بەمافەکان بەمتمانییەکی هەتاهەتایی بە چەپ لە نیو جەماوەردا جێگیرکردووە.
بە ئاوەی دەربڕین ببەتە هەز، پەویستە لە ڕێگەی دەربڕین دا هیزهەبەت، وەک چۆن مارکس بۆتیردەڕوانێت، دەربڕین دەبەت ئەم توانایە پراتیکیەی هەبەت و ئاویش لەناو دڵی دەربریندایە. سەردەشت عوسمان ، "ووتەنی هەمیشە شتەکت بە ووتن هەبەت کە ئاوانی دی/ دەسەڵاتداران" نایانوێت ببیستن. بوونی ڕێکخراوەی سیاسی کەمەنستی کە ئامانجی دابینکردنی ئاوپەڕەی ئازادی سیاسیەو سەنگەر بە سەنگەر دەستپەشکەریی بە و هەزی دەربڕین بەبەردەوامی هەمەڕەنگ وفراوانتر بکات ونەداران بە ماف وئازادییەکانیان مەبەلزە بکات.

جەمال کەشش
٢٦.١٠.٢٠٢٠

چاو، نیگار،ڕەح ... جەمال کەشش

چاو لە زمانی کوردیدا، لە ڕووی -ئیتمەلۆژییەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سەرەتای دروستبوونەوە هەیە . چاوگ- لە ڕەزمانی- زمانی کوردیدا دایکی هەموو وشەکانە. چاوگ، سەرچاوە، چاوگە، لە

سروشت ولە پێکهاتەی زمانەوانیدا، ڕووکەی گرنگ لە ژیانی ئینسانەکاندا دەگێڕن. ، لە زمانی عەرەبیشدا " عەین -چاو" بە مانای "کانی، ئاسۆ، ئەرگینال" دێت. لە زمانی ئیدیەم وەڕانشدا، چاو بە فراوانی بوونی هەیە. " سەر چاو" ڕەڕانە و هەرکە سێ دەیان جار بەکاریدەهێنێت، چاوکەمی ، وەک نیشاندانی ڕووزو خۆشەویستی، وەک قەدردانی " بەچاوان"، وەک سوێند خواردن " بەچاوی تە" وەک وەفا وسۆز" دەک چاوم کوێر بێت" ، وەک دیاری و لێبوردەیی " چاوی تە خۆش" ، وەک شکاندن " چاوی بشکێنە"، وەک ڕوو بەووکردنەوە و سەلماندن" پەنجەم کردە چاوی"، وەک بوغرایی یان پلەی تووڕەبون " چاوی سور بووە"، وەک پێشیمانبونەوە و شەرم و بەدەنگی "چاوی داخست" ، وەک هەوڵی بەراوردکاری ولاسایکردنەوە" چاوی لێو کرد" و وەک شایەدیی" بەچاوی خۆی بینی" وەک شاردنەوەی ڕووداوەک " چاوی لێپۆشی" . وەک شکاندنی شکۆ' چاوی دەشکێنم"، یان بەدرێ خستنەوەی ووتەیەک " با چاوم بەچاوی بکەوێت" چاوە نواڵی و ئاوی چاوم داهات" زۆر ئارامم گرت: ، لە چاوی تە وە، یانی ڕەئی ..چاوی ڕەز ، لە چاوی پیس بەدوور بێت، خەڵکردنە چاو، چاوگەڵانەوە، .چاوەکت لەبێت، چاوی لەسەر ماڵ، چاوبرسی، چاوتیر، لەبەرجاوت بیت،.چاودەکاتەوە،چاوی دەبێتەوە، " چاوی گەل، چاوی کورد،..چاوی ناوەوە، لەبەرچاونەگرین،..ئاماژەی چاو لیداگرت کە بیکات.چاوی جەللاد، بەچاوی بزیەوە، چاوی فەلسەفی، چاوی دایک ، ڕەشبینی،لەچاوم نابێت، لەبەر چاوم لاچۆ، چاوی سور بوو. ئەم سیحرە چیە لە چاودا. دەتوانین لێو بارەوە یەک دانە کتێبی بۆئەندازەی فەرهەنگەکەی عەینی فەراهیدی بنوسین. " معجم العین./وکیپیدیا".

